له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# چۆن

# ڕزق و ڕۆزیت زیاد دەكات؟

## هۆكارەكانی بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی

وەرگێڕانی

پشتیوان حسن

چاپی یەكەم          ١٤٣٣ كۆچی

-----------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەھەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەھەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

الحمدُ للهِ والصلاة والسلام على رسول اللهِ وبعد.....

یەکێك لەو کاروبارانەی کە ئەمڕۆ خەڵك بیروئەندێشەیانی سەرقاڵکردووە بەشێوەیەك کە ناخ و بیریشیانی تووشی مەراق وخەفەت کردووە, بریتیە لە بەدەستهێنانی ڕۆزی بۆ بژێوی وگوزەرانی ژیان, هەتاکار گەیشتۆتە ڕادەیەك کە هەموو ڕێگاو ڕێبازەکانی بۆ دەگرنە بەر, وەبەهەموو شێوازێکی حەڵاڵ وحەرام هەوڵی بۆدەدەن, وەئەوانە بێ ئاگابوون لەوەی کە هۆکاری ترهەن بۆپەیداکردنی ڕزق, کەبەهۆیەوە خوای پەروەردگار ڕزق وڕۆزی دەبەخشێت بەشێوەیەك کە وەسف ناکرێت وبەپێوانەی مرۆڤ ناپێورێت, وەهەروەها بەوهۆیەوە خوا ڕزق وڕۆزی دەدات بەبێ هۆکار, وەبەبێ پێشەکی دەیبەخشێت, وەئەم هۆکارانە جگەلەوەی کە بنچینەوبنەڕەتن لەژیانی مرۆڤی موسڵماندا بەشێوەیەکی گشتی, وەلەکەسی ئیمانداردا بەتاییەتی, دۆست وهاوڕێی تەنهایین بەبێ کەس وکار, شکۆوسەربڵندین بەبێ هۆزو کەس, ڕێزو گەورەیین بەبێ پلەوپایە, تێربوونن بەبێ خواردن, ئاودان وتینوێتی شکاندنە بەبێ خواردنەوە.

﴿وَإِبْرَاهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ اعْبُدُوا اللهَ وَاتَّقُوهُ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾

[العنكبوت: ١٧] .

﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ دَابَّةٍ لَا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾. [ العنكبوت ٦٠].

**ئەمەش ئەو هۆکارانەیە کە خوای پەروەردگار پەیمانی داوە بەوەی کەهەرکەسێك پێیان هەستێت بەگوێرەی پێویست ومافی خۆیان بدات ئەوا ئەوەی کەغەم وخەفەتی بۆدەخوات بۆبەدەستهێنانی خوا بۆی جێبەجێ دەکات, وەبەشێوەیەك ولەلایەکەوە ڕۆزی دەدات کەئەم گومانی بۆی ناچێت, وە خواش پەیمان شکێن نیە, خوا دڵسۆزیمان پێ ببەخشێت لە کرداروگوفتارماندا.**

## هۆکاری یەکەم: پشت بەستن بە خوا

یەکەم هۆکار لەم هۆکارانە بریتیە لەپشت بەستن بە خوای تاك وبەدەسەڵات عزوجل.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا﴾ [الطلاق: ٣].واتە: هەرکەسێك پشت بەخوا ببەستیٚ دوای بەکارهێنانی هۆکار, ئەوە تەنیا خوای بەسەو کاروباری بۆ ئاسان دەکات, چونکە بەڕاستی هەرچی خوا بڕیاری لەسەر بێت هەرئەنجامی دەدا دەیگەیەنێتە جیٚ, بەڕاستی خوا بۆ هەموو شتێك کات وئەندازەیەکی دیاریکردووە.

شُتَيْرِ بْنِ شَكَلٍ (کە یەکێکە لە تابعیەکان)دەڵێت: گوێم لێبوو عبدالله ی کوڕی مسعود دەیوت" توندترین ئایەت لە قورئاندا لە ڕاسپاردنی ئیشدا بۆخوا ئەم ئایەتەیە ﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾" مسروقیش ووتی: ڕاست دەکات. جامع البيان لأبي جعفر الطبري (٢٨/٩٠).

وە ربیعی كوڕی خثیم لەتەفسیرەكەیدا دەڵێت" واتە ڕزق وڕۆزی دەدات لەهەموو ئەوانەی كەلەسەر خەڵك بەرتەسك وسەختە".[1].

وە لە عومەری كوڕی خەتتابەوە دەڵێت, پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی «لو أنكم تَتَوَكَّلون على الله حَقَّ تَوَكُّلِه لرُزقتم كما تُرزق الطيرُ تغدو خماصًا وتروح بطانًا». [2]

واتە: ئەگەر ئێوە بەڕاستی وبەگوێرەی پێویست پشت بەخوا ببەستن, ئەوا ڕزقتان دەدات وەكو چۆن ڕزقی باڵندە دەدات كەبەبرسێتی دەردەچێت وبەتێری دەگەڕێتەوە.

وە محمدی كوڕی حسین دەڵێت, گوێم لێبوو باوكی جەعفەر(خوا پەرستێك بوو لەمەككە بینیم) دەیووت: پشت بەخوا ببەستە ڕزق دێت بۆلات بەبێ هیلاكی وزۆر لەخۆكردن. [3].

وە دكتۆر فضل إلهي دەڵێت: كەسی پشت بەستوو بەخوا ڕزق وڕۆزی دەدرێت وەكو چۆن ڕزقی باڵندە دەدرێت, ئەمە چۆن وانیە لەكاتێكدا كە ئەو كەسە

---

(1) شرح السنة للأمام البغوي (١٤/٢٩٨).

(2) المسند للامام احمد(٢٠٥)بلفظ تتوكلون والحاكم في(المستدرك على الصحيحين )بتعليق الذهبي والبيهقيف السنن(٢/٦٦)وصححة الالباني في الصحيحة.

(3) التوكل لى الله لابن أبي الدنيا (٥٤)بلفظ(تسق).

پشتی بەستووە بە خوایەك کە هەمیشە زیندووەو مردنی بەسەردا نایەت, وەهەرکەسیش پشتی پێ ببەستێت ئەوە بەسیەتی.[1].

پشت بەستن بەخوا پایەیەکی بەرزوبڵندەو کاریگەریەکی گەورەی هەیە, خوای گەورە لەزۆر شوێنی قورئاندا فەرمانی پێکردووە وەك: ﴿وَعَلَى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ [إبراهيم: ١١].

واتە: با هەموو بڕواداران تەنها پشت بەخوا ببەستن.

﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ﴾ [الفرقان: ٥٨].

واتە: تەنها پشت بەو خوایە بەستە کەهەمیشە زیندووەو هەیەو هەرگیزنامرێت.

﴿فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾ [هود: ١٢٣] .

واتە: تەنها ئەو بپەرستەو پشتیش هەربەئەو ببەستە.

---

(١) مفاتيح الرزق د.فضل الهي(٣٦).

وەپشت بەستن بەخوای كردووە بەهۆكارێك بۆ خۆشویستنی خۆی بۆبەندەكانی: ﴿إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾ [آل عمران: ١٥٩]. واتە: بەڕاستی خوا ئەوكەسانەی خۆشدەوێت كەتەنها پشت هەربەئەو دەبەستن.

وەهەروەها كردوویەتی بە مەرجێك بۆ ئیمان﴿وَعَلَى اللهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [المائدة: ٢٣].

واتە: تەنها پشت بەخوا ببەستن ئەگەر ئێوە بڕواداری ڕاستەقینەن.

وە دروشمێكە بۆ ئیمان دۆستان: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ [الأنفال: ٢]

واتە: بەڕاستی باوەڕدارانی ڕاستەقینە ئەوانەن كە هەركە ناوی خوا هێنرا, دڵیان لەبەر گەورەیی ئەو دەكەوێتە لەرزەو ترسی لێ دەنیشێت, وەهەركە ئایەتەكانیشی دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا باوەڕیان زیادوبەهێز دەبێـت و هەر بەپەروەردگاریشیان پشت دەبەستن. وە خوای گەورە زامنی كردووە كەكارئاسانی و هاوكاری كەسانێك بكات كە پشت بەخوا دەبەستن.

وە حەقیقەتی تەوەکولیش بریتیە لە بەڕاست پشت بەستنی دڵ بەخوا لەبەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان و دوورخستنەوەی زەرەروزیانەکان لە کاروباری دونیاودوارۆژدا, وە ڕاسپاردنی هەموو کاروبارەکان تەنها بۆ خوا, وبەجێگەیاندنی ئیمان بەوەی کە هیچ کەس نابەخشێ وناگرێتەوە و زیان ناگەیەنێ وسوودنابەخشێ جگە لە خوا نەبێت.[1].

**خاوەنی فەرهەنگی (اللسان) دەڵێت:** "کەسی پشت بەستوو بەخوا, کەسێکە کە دەزانێت خوا دەستەبەری ڕزق وڕۆزی وکاروباری بۆدەکات بۆیە پشتی پێدەبەستێت وبەکەسی تر پشت ئەستوورنیە". [2].

**ابن حجر دەڵێت:** مەبەست لە (توکل) بڕوابوونە بەوەی کە ئەم ئایەتە ئاماژەی بۆ دەکات: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللهِ رِزْقُهَا﴾[3].

وەپشت بەستن بەخوا داخوازی ئەوە ناکات کە وازلە هۆکارەکان بهێنرێت, ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە: ﴿فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ﴾ [الملك: ١٥].

---

(١) جامع العلوم والحكم لابن رجب الحنبلي(٢/٤٩).

(٢) لسان العرب لابن المنظور(١١/٧٣٤).

(٣) سورة هود، الآية (٦).

واتە: بچن بە هەموو گۆشەوکەنارێکی زەویداو هەوڵی ژیانی خۆتان بدەن ولەڕزق وڕۆزی بخۆن.

وەهەروەها ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللهِ﴾[الجمعة:١٠]. واتە: هەرکە نوێژی هەینی تەواوبوو, بلاٌوببنەوە بەڕووی زەویداو داوای ڕزق وڕۆزی وبەهرەی خوا بکەن و هەوڵی ڕۆزی بدەن وهەموو هۆیەکی ڕۆزی بدەنە بەر, بێگومان خواش یارمەتیدەرتانە.

ئەوە پێغەمبەرانی خوان (سەلات وسەلامی خوایان لەسەربێت ) کە سوورترین وچاکترین کەسانی پشت بەخوا بەستوو بوون, کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان پیشەیەکی هەبووە کە ئیش وکاریان پێکردووە, ئادەم جوتیار بووە, نوح دارتاش بووە, ئیدریس بەرگدروو بووە, موسا شوان بووە, داود زرێدار بووە, عیسا دارتاش بووە, محمد شوان وبازرگان بووە.

## هۆكاری دووەم: تەقوای خوا

له هۆكارەكانی ڕزق بریتیه له تەقوای خوا  عزوجل:

خوای پەروەردگار دەفەرمویت: ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ [الطلاق: ٢، ٣].

واتە: هەركەس لەخوا بترسیٚ وسنوورەكانی بپارێزێت, خوا دەرووی لیٚ دەكاتەوەو ڕزق وڕۆزی دەداتیٚ له شوێنێكەوە كه خۆیشی گومانی نەدەبرد( ڕێنموونی دۆزینەوەی ڕێگای ژیانی دەكات).

**إبن كثير دەڵێت:** " واتە, لەكاروباریدا دەروازەیەكی بۆ دەكاتەوەو له لایەكیشەوە ڕزقی دەدات كەبە خەیاڵیدا نەهاتووە"[1].

**ابن عباس دەڵێت:** " واتە له لایەكەوە ڕزقی دەدات كه ئومێدی پێی نیەو چاوەڕوانی نیە"[2].

**عبدالله ی كوڕی مسعودیش دەڵێت:** " گەورەترین ئایەتێك كه گوشادی ودڵخۆشی ببەخشێت ئەم ئایەتەیە: ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا﴾"[1].

---

(١) تفسيرالقرأن العظيم ابن كثير (٨/١٤٦).

(٢) زاد المسير في علم التفسير لابن الجوزي(٨/٤٧).

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ [الأعراف: ٩٦].

**ابن عباس دەڵێت:** " واته خێروبەرەكەتیان بۆ زۆرو فراوان دەكەم وئاسانیشی دەكەم بۆیان لەهەموو لایەكەوە". [٢].

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِمْ مِنْ رَبِّهِمْ لَأَكَلُوا مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ مِنْهُمْ أُمَّةٌ مُقْتَصِدَةٌ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ سَاءَ مَا يَعْمَلُونَ﴾ [المائدة: ٦٦].

**ابن عباس دەڵێت:" بەهۆی ئەوەوە خوای گەورە ڕزق لەئاسمانەوە دەنێرێتە خوارەوە بۆیان و وەلە زەویشەوە بۆیان دەڕوێنێت".** [٣]

---

(١) تفسيرالقرأن العظيم ابن كثير (١٤٦/٨)

(٢) تفسير أبي السعود المسمى ب(ارشادالعقل السليم الى مزايا القرآن الكريم) (٢٥٣/٣).

(٣) تفسيرالقرأن العظيم ابن كثير (٢١٩/٣)

## پێناسەی تەقوا

زانایان پێناسەی تەقوایان کردووە بەوەی کە بریتیە" لەوەی بەندە خۆپارێزیەك بخاتە نێوان خۆی و ئەوەی لێی دەترسێت لە تورەیی وسزاو تۆڵەی خوا, بەشێوەیەك کە بیپارێزێت" دیارە ئەوەش بەجێبەجێکردنی فەرمانپێکراوەکان دەبێت ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراو وقەدەغە کراوەکان.[1].

ابن مسعودیش وتویەتی:" تەقوا بریتیە لەوەی کە گوێڕایەڵی خوا بکرێت وسەرپێچی نەکرێت, خوات لەیادبێت ولەبیری نەکەی, سوپاسی بکەیت وسپڵە نەبیت".[2].

## لەبەرهەمەکانی تەقوا :

١- خوا لەگەڵ بوون: ﴿إِنَّ اللهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا﴾ [النحل: ١٢٨].

واتە: بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەوانەدایە کە لێی دەترسێن وسنوورەکانی دەپارێزن.

٢- بەدەستهێنانی خۆشەویستی خوا: ﴿إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ [التوبة: ٤، ٧].
بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە لەخواترسن

(١)جامع العلوم والحكم لابن رجب الحنبلي(١٩/٥)تحقيق ماهر ياسين فحل.
(٢) الطبراني الكبير ( ٩٠/ ٩٢)، والحاكم مرفوعا ووصححه والمشهور وقفه.

٣- پشتگیری خوا ﴿وَاللهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ﴾ [الجاثية: ١٩].

واته: خوا دۆست وپشتگیری له خواترسانه.

﴿وَمَا كَانُوا أَوْلِيَاءَهُ إِنْ أَوْلِيَاؤُهُ إِلَّا الْمُتَّقُونَ﴾ [الأنفال: ٣٤].

واته: ئەوان(بێباوەڕان) دۆستانی خوا نین بەڵکو دۆستانی خوا تەنها خۆپارێزو لەخواترسانه.

٤- ئاسانکاری له کاروباردا ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا﴾ [الطلاق: ٤].واته: هەرکەس لەخواترس بێ وخۆی بپارێزێ لەبێ فەرمانی خوا ئەوا خوا کاری بۆ ئاسان دەکات.

٥- سڕینەوەی تاوان ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا﴾ [الطلاق: ٥]. واته: هەرکەسێك لەخوا بترسێت وسنوری شەرع بپارێزێ, ئەوا خواش لەتاوانەکانی پاکی دەکاتەوەو چاوپۆشی لێدەکات وپاداشتێکی فرەگەورەی پێدەبەخشێت.

٦- پارێزراوی له ترس وپەژاره ﴿فَمَنِ اتَّقَى وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ [الأعراف: ٣٥].

واته: هەرکەسێکتان پارێزکاربێ وکاروباری چاك بکا ئەوا نه ترس وبیمێکیان لەسەردەبێ بۆ قیامەتیان ونه دڵ زویروخەفەتباریش دەبن بۆ دونیایان.

٧- وەرگرتن وقبوڵبوونی کردەوەی چاك ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾ [المائدة: ٢٧].

واته: بەڕاستی خوا تەنها لەپارێزکاران خێروقوربانی وەردەگرێت.

٨- کردنەوەی دەرگای خێروبەرەکەت لەئاسمان ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ [الأعراف: ٩٦]. واته: ئەگەر خەڵکی ئەو گوندوشارانه بڕوایان هێناباو, لەخواترسیان بووبان ئێمەش دەرگای گشت خێروپیتێکی ئاسمان وزەوییمان به ڕوویاندا والآدەکرد.

٩- بەرپەرچدانەوەی فێڵ وتەڵەکەی دوژمنـــان: ﴿وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا﴾ [آل عمران: ١٢٠].

١٠- بەدەستهێنانی زانست وزانین ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ﴾ [البقرة: ٢٨٢].واتە: لەخوا بترسن خواش فێری زانست وكاروباری ئایینتان دەكات.

١١- ڕزگاربوون لەئاگر ﴿وَإِنْ مِنْكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَقْضِيًّا * ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوْا وَنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾ [مريم: ٧١، ٧٢].

واتە: ئەی خەڵكینە! ئیلا دەبێ هەموو نزیكی ئاگری دۆزەخ ببنەوەو بەسەر پردی صیراتدا تێپەڕن ئەمەش بڕیارێكە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆئەوە دراوەو بڕاوەتەوە وشتێكی حەتمیە, پاشان ئەوانەی وا پارێزگاروخواناس بوون لەئاگرەكە ڕزگایان دەكەین.

١٢- بردنەوەی بەهەشت ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا * حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا * وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا * وَكَأْسًا دِهَاقًا * لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا﴾ [النبأ: ٣١-٣٥].

واتە: بەڕاستی بۆخواناسان وخۆپارێزان لەپاشەڕۆژدا سەرفرازی وڕزگاربوون لەسزای دۆزەخ هەیە, چەندین باخ وباخات وبێستان وترێ ومیوەی جۆراوجۆری ڕازاوەو هەرچی نەفس حەزی لێبكات, كچانی هاوتەمەن ومەمك خڕودیمەن جوان و تازە پێگەیشتوو ئامادەیە, لەگەڵ جامی پڕلەشەرابی پاك وخاوێندا كەلەوبەهەشتەدا هیچ قسەیەكی پڕپوچ ونابەجێ نابیسن.

١٣- پاشەڕۆژو چارەنووسی باش وبەختەوەر﴿وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [القصص: ٨٣]واتە: پاشەڕۆژی چاكیش هەربۆ پارێزگارانە . ﴿وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى﴾ [طه: ١٣٢].واتە: پاشەڕۆژی چاكیش هەربۆ تەقوایە.

## هۆكاری سێیەم: بەجێگەیاندنی پەیوەندی و سیلەی ڕەحم

١- ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە و دەڵێت, گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: «مَنْ سَرَّه أن يُبْسَطَ له في رزقه، وأن يُنْسَأَ له في أثره فَلْيَصل رحمه»[1].

واتە: ئەوەی پێی خۆشە كە ڕزق وڕۆزی زۆربێت وپاشماوەی باشی لێ بەجێ بمێنێت, با سیلەی ڕەحم بگەیەنێت.

وە لە ڕیوایەتێكی تردا لەئەنەسی كوڕی مالیكەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: «مَنْ أَحَبَّ أن يُبْسَطَ له في رزقه ويُنسأ له في أَثَره فليصل رحمه»[1].

---

(١) صحيح البخاري (٥٩٨٥).

وە لەبەر گرنگی و ڕاستێتی ئەم باسە ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا سەبارس و پرسێکی لە کتێبەکەی بەم ناوەوە ناوناوە " ئەوەی ڕزقی بۆ فراوان دەبێت بەگەیاندنی سیلەی ڕەحم"

وە ئیمامی ابن حبان دەڵێت: " جێگیربوونی خۆشگوزەرانی لەکاتی هێمنی وئاسایشدا وزۆربوونی بەرەکەت لە ڕزقدا بۆ ئەو کەسەیە کە سیلەی ڕەحم دەگەیەنێت".[2].

٢- ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە دەڵێت, پێغەمبەری خوا (صلی اللّٰه علیه وسلم ) فەرمووی: «تَعَلَّموا من أنسابكم ما تَصلون به أرحامكم؛ فإن صلةَ الرَّحم مَحَبَّةٌ في الأهل، مثراةٌ في المال، منسأةٌ في العمر»واتە: ڕەچەڵەك ونەژادی خزمایەتی خۆتان بزانن کەبە هۆیەوە سیلەی ڕەحمتان بگەیەنن, چونکە گەیاندنی سیلەی ڕەحم دەبێتە هۆی خۆشەویستی کەسوکارو زۆربوون ودەوڵەمەندی لەماڵ وسامانداو تەمەن درێژی.[3].

---

(١) صحيح البخاري: (٥٩٨٦).

(٢) صحيح ابن حبان بترتيب بان بلبان (٢/١٨٠).

(٣) مسند أحمد (٨٨٥٥)وحسنه شعيب الارناؤوط في كتاب(مسند حمد باحكام الارناؤوط٧/٢٠٣).

٣- على كوڕی ئەبو تالیب لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم ) دەگێرێتەوە كە فەرموویەتی: «مَنْ سَرَّه أن يُمَدَّ له في عمره، ويوسَّع عليه في رزقه، ويُدفع عنه ميتة السوء، فَلْيَتَّق اللهَ وَلْيَصلْ رحمَه»واتە: ئەوەی پێیخۆشە كە تەمەنی درێژبێت و ڕزقی لەسەر فراوان بێت و بەخراپی نەمرێت, با لەخوا بترسێت و سیلەی ڕەحم بگەیەنێت.[1].

وەعبداللەی كوڕی عومەر دەڵێت: «من اتَّقى ربَّه ووصل رحمه، أُنسئ له في عمره، وثرى ماله، وأحبَّه أهله»"[2]. ئەوەی لەپەروەردگاری بترسێت وسیلەی ڕەحم بگەیەنێت, تەمەنی درێژدەبێت ومالٚ وسامانی زۆر دەبێت وكەسوكاریشی خۆشیان دەوێت".

٤- ئەبوبەكرە دەگێرێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: «إن أعجل الطاعة ثوابًا صلة الرحم، حتى إن أهل بيت ليكونوا فَجَرةً فتنمو أموالُهم، ويكثر عددُهم إذا تواصلوا، وما من أهل بيت

---

(١) مسند أحمد (١٢١٢). وقال شعيب الارناؤوط في كتاب(مسند حمد باحكام الارناؤوط٣/٧١) :اسناده قوي.

(٢) الأدب ا لمفرد للبخاري ص ٣٧وحسنه الالباني في صحيح الأدب المفرد.(٢٥/١)

یتواصلون فیحتاجون»[1].واته: خێراترین عیبادەتێك كه زوو پاداشت بدرێتەوه بریتیه له سیلەی ڕەحم, هەتا جاری واهەیه ماڵێك كه خراپەكار و ستەمكاره بەهۆی سیلەی ڕەحمەوه ماڵ وسامانیان دەبوژێتەوەو ژمارەیان زیاد دەكات, وەهیچ ماڵێك نیه كه سیلەی ڕەحم بگەیەنن وپێویست وهەژاربن.

## ئەو خزمانەی كه پێویسته لەسەر بەنده پەیوەندی سۆزو ڕەحم لەگەڵیاندا بگەیەنێت:

ئەوەی كه بۆچونی زۆرینەی زانایانی لەسەره, بریتیه له خزم وكەسوكار بەشێوەیەكی گشتی كەله نێوان كەسێك و كەسێكی تریاندا پەیوەندی خزمایەتی هەبێت, كه میراتی بكەوێت یان نەكەوێت, وه مەحرەم بێت یان نا.

.[2]

وەپەیوەندی خزمایەتی گەیاندن چەندشێوەیەكی هەیه,لەوانه: یارمەتیدان بەپاره, یارمەتیدان لەكاتی پێویستیدا, دوورخستنەوەی زەرەرو زیان, ڕووگەشی وخۆشحاڵی نواندن بەرامبەریان, وەهەروەها پاڕانەوەوداوای خێركردن بۆیان.

---

[1] صحيح ابن حبان (٤٤٠)وقال الشيخ الالباني في سلسلة الصحيحة(برقم٩٧٨- ٥٢/٣):وجملة القول أن الحديث بمجموع هذه الطرق والشواهدصحيح ثابت.

[2] فتح الباري شرح صحيح البخاري لابن الحجرالعسقلاني

واتا گشتیەکەی بریتیە لە{ گەیاندنی سوودوخێر بەگوێرەی توانا, لابردن ودوورخستنەوەی زیان وزەرەر بەگوێرەی توانا}.[1].

## پلەکانی گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی:

١- الواصل: بریتیە لەوەی کە فەزڵی بەسەر خزماندا هەیەو ئەوان فەزڵیان بەسەریەوە نیە, واتە ئەم سەردان دەکات ئەگەر ئەوان سەردانیشی نەکەن.

٢- المكافیء : بریتیە لەوەی کەبەگوێرەی هاتوچۆوسەردانی ئەوان ئەمیش سەردان وهاتوچۆ دەکات.

٣- القاطع : بریتیە لەوەی کەسەردان ناکات و ئەوان فەزڵ وچاکەیان بەسەریەوە هەیە.

## فەزڵی گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی:

جگەلەوەی کە هۆکارێکە بۆ ڕزق زۆری, چەند فەزڵ وچاکەیەکی تری هەیە لەوانە:

١- هۆکارێکە لەهۆکارەکانی نزیك بوونەوە لە خوا, چونکە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : «الرحم معلقةٌ بالعرش تقول: مَنْ

[1] تحفة الأحوذي شرح جامع الترمذي للمباركفوري(١٢/٣٥).

وَصَلَني وَصَلَه الله، ومَن قَطَعني قطعه الله»[1].واته: ڕەحم وابەستەیە بە عەرشەوەو دەڵێت: ئەوەی من دەگەیەنێت خوا دەیگەیەنێت, ئەوەشی دەمبڕێت ونامگەیەنێت خوا دەیبڕێت(نایخاتە بەهەشتەوە).

٢- یەکێکە لەهۆکارەکانی ڕەحمەت وبەزەیی خوا, لە عبدالرحمن ی کوڕی عەوفەوە دەڵێت, گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: «قال الله عز وجل: أنا الله، وأنا الرحمن، خلقت الرحم، وشققت لها اسمًا من اسمي؛ فَمَن وصَلَها وصلتُه، ومن قطعها قطعته»[2].واته: خوای گەورە دەفەرموێت, من خوام(کە ناوم الله)یە,وە من خاوەن بەزەیی وسۆزی لەتەواوم, ڕەحم وبەزەییم دروستکردووە, ناوێکم بۆی لەناوێکی خۆمم بۆ دروستکردووە, بۆیە ئەو کەسەی سیلەی ڕەحم بگەیەنێت ئەوا دەیگەیەنم, وەئەوەشی بیبڕێت ئەوا دەیبڕم.

٣- گەیاندنی سیلەی ڕەحم سیفەتێکی ستایشکراوە لەدونیاداو وەپاداشتی لەسەرە لەدوا ڕۆژدا, دایکە عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێت, تەنها زەینەبی کچی جەحشی خێزانی پێغەمبەر هاوشان و هاوئاستم دەبوویەوە لەلای پێغەمبەردا لەنێوان خێزانەکانیدا, چونکە هەرگیز ئافرەتێکی لەئەو باشترم لەدیندا نەبینیوە, کەلەخواترستربێت وڕاستگۆتربێت و بەڕەحمتربێت و

---

(1) صحيح مسلم(٨/٧).

(2) أبو داود (١٦٩٥) وصححه الالباني في صحيح وضيف سنن ابي داود(١/٢)

سەدەقەوبەخشینی زۆربێت و ئافرەتێکی زۆر خۆبەخش بوو لەوماڵەی کەسەدەقەی پێدەکرد وپێی نزیك دەبوویەوە لە خوا.[1].

## هۆکاری چوارەم: داوای لێخۆشبوون وتەوبەکردن

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی زیادبوون وپەیدابوونی ڕزق, داوای لێخۆشبوون و تەوبەکردنە لەتاوان وسەرپێچیەکان.

١- خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا﴾ [نوح: ١٠-١٢]. واتە: لەزمانی پێغەمبەر نوحەوە دەڵێت, بەگەلەکەم ڕاگەیاند کە داوای لێخۆشبوون بکەن چونکە بەڕاستی خوا زۆر لێخۆشبووە, وبەهۆیەوە لەئاسمانەوە باران بەسەرتاندا دەبارێنێت و ماڵ و وەچەونەوەتان بۆ زیاددەکات باخ وبێستانتان بۆ سازدەکات و ڕووبارەکانتان بۆ فەراهەم دێنێت.

ئیمامی قورتوبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە داوای لێخۆشبوونکردن دەبێتە هۆی دابارینی ڕزق وڕۆزی وباران.[2].

---

(١) أخرجه مسلم (٣٤٤٢)في فضل عائشة(١٨٩١/٤).

(٢) تفسير القرطبي(الجامع لاحكام القران) (٣٠٢/١٨)سورة نوح.

پیاوێك هات بۆلای حەسەنی بەسری و سكالأی قاتوقڕی لای كرد, ئەویش لە وەلأمیدا ووتی" داوای لێخۆشبوون بكە", كەسێكی ترهات سكالأی هەژاری لای كرد, دیسانەوە ووتی" داوای لێخۆشبوون بكە", كەسێكی ترهات و سكالأی وشكی باخ وبیێستانەكەی لاكرد, دیسانەوە ووتی" داوای لێخۆشبوون بكە", ئەوانیش ووتیان : ئەم كەسانە چەند سكالأیەكی جیاوازیان هەبوو, كەچی بەڕێزت یەك جۆر فەرمانت بەهەموویان كرد؟ ئەویش لە وەلأمدا ووتی من لە خۆمەوە هیچم نەوتووە, ئەوەتا خوای پەروەردگار لەسورەتی نوحدا دەفەرمویێت: ﴿اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا﴾[1].

ڕۆژێك عومەری كوڕی خەتتاب لەگەڵ خەڵكدا دەرچوون داوای باران بكەن ونوێژە بارانە بكەن, ئەویش لە داوای لێخۆشبوون زیاتر هیچی تری نەوت هەتا گەڕایەوە, پیێی وترا "نەمان بیست داوای باران بكەیت" ئەویش ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا﴾

[تفسير ابن كثير (٧/ ١٥٤)].

---

(١) الجامع لاحكام القرآن للامام القرطبي (١٨/٣٠٢، ٣٠٣).

٢- خوای پەروەردگار لەبەسەرهاتی پێغەمبەر نوحدا کەبانگی گەلەکەی دەکات بۆ داوای لێخۆشبوون کردن دەفەرمویێت ﴿وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ﴾ [هود: ٥٢].

واتە: ئەی خزم وگەلەکەم! لەپەروەردگارتان داوای لێبوردن وپۆشینی گوناح بکەن پاشانیش تۆبەبکەن وبێنەوەبۆلای ئەویش لەئاسمانەوە بەلێزمەو خوڕەم بارانتان بۆ دەبارێنیێ و هێزێکی تردەدا بەهێزوتواناتان زیاد لەهێزی خۆتان کە پێی بایی ببون, وە ئێوە بەتاوان ڕوو وەر مەچەرخێنن لەوەی بانگتان دەکەن بۆی.

پێغەمبەر هود سەلامی خوای لەسەربێت فەرمانی بەگەلەکەی کرد بە داوای لێخۆشبوونکردن لە تاوانەکانیان کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانە پێشووەکانیان و وە تۆبە کردن لەوەی کە دێت, وە ئەوەی کە بەم سیفەتە خۆی بڕازێنیێتەوە ئەوا خوای گەورە ڕزق وڕۆزی بۆ ئاسان دەکات وکاروباری بۆ سووك دەکات وپلەوپایەی دەپارێزێت.[1].

(١) تفسیرالقرآن العظیم لابن کثیر (٤/٣٢٩).

٣- خوای پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُمْ مَتَاعًا حَسَنًا إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ﴾[هود: ٣].

واتە: دەبێ لەپەروەردگاری خۆتان داوای لێبوردن بکەن وپاشان تۆبە لە شیرك بکەن وبگەڕێنەوە بۆلای ئەو, ئەوسا ئەویش هەتا ماوەیەکی دیاریکراو بۆتان بەهرەمەندتان دەکات و بەخۆشی ڕادەبوێرن وبۆخۆتان دەژین وفەزڵ وچاکەی خۆی دەدا بەهەموو خاوەن فەزڵ وچاکەیەك, خۆ ئەگەر لەباوەڕهێنان ڕوویان وەرچەرخاند ئەوا بێگومان من لە سزای ڕۆژێکی گەورەتان دەترسم.

عەبدوڵای کوڕی عباس دەڵێت: فەزڵ وچاکەتان پێدەدات بە ڕزق ودەوڵەمەندی .[1]

وە ئیمامی قورتوبیش دەڵێت: واتە چێژو خۆشیتان پێدەبەخشێت لە شتە سوودبەخشەکاندا لە فراوانی ڕزق وخۆشگوزەرانی.[2].

---

(١) زاد المسيرفي ؤعلم التفسير لابن الجوزي (٤/٧٥).

(٢) الجامع لاحكام القرآن للامام القرطبي (٩/٤٠٣).

٤- له عبدالله ی کوڕی عباسەوه دەڵێت پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی «من أكثر الاستغفار جعل الله له من كل هم فرجًا، ومن كل ضيق مخرجًا، ورزقه من حيث لا يحتسب» واته هەرکەسێك زۆر داوای لێخۆشبوون بکات ئەوا خوای گەورە لەهەموو پەژارەیەکیدا گوشادی وبەختەوەریەکی بۆ دەنێرێت وەلە هەموو کێشە وبەرتەسکیەکیدا دەروازە ورێگایەکی ڕزگاربوونی بۆ دەدۆزێتەوەو لەشوێن وشێوازێکەوه ڕزق وڕۆزی دەدات کەبەخەیاڵیدا نایەت وگومانی بۆناچێت.[1].

## لەچاکەکانی داوای لێخۆشبوونکردن

١- هۆکارێکه بۆ لاچوون وسڕینەوەی تاوان:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَمَنْ يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ [النساء: ١١٠].

وه پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: «إذا أذنب عبد ذنبًا، فقال: أي رب، أذنبت ذنبًا فاغفر لي. فقال: علم عبدي أن له ربًا يغفر

---

(١) مسند أحمد (٢٢٣٤).اسناده ضعيف انظر مسند الامام احمد باحكام الارناؤوط

الذنب ويأخذ به فقد غفرت له..»[1].واته: كاتێك كه كەسێك تاوانێك دەكات, دەڵێت ئەی پەروەردگارم تاوانێكم كردو لێم خۆشبە. خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: بەندەكەم زانی كەپەروەردگارێكی هەیەو لەتاوان خۆشدەبێت ئەوا لێی خۆشبووم....".

٢- هۆكارێكە بۆ ڕەواندنەوەی خەم وپەژارە:

پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت :«من لزم الاستغفار، جعل الله من كل هم فرجًا»[2]. واته: ئەوەی پەیوەست بێت بەداوای لێخۆشبونكردنەوە, ئەوا خوای پەروەردگار لەهەموو خەم وپەژارەیەكیدا خۆشبەختی وگوشادیەكی بۆ دەهێنێت.

٣- هۆكارێكە بۆ لابردنی سزاو تۆڵە:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ اللهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾ [الأنفال: ٣٣].واته: هەتا تۆ لەناویاندابیت ئەی پێغەمبەر! ناكرێ خوا سزایان بدات, ئەگەرچی بۆخۆشیان داوای بكەن,

---

(١) متفق عليه انظر(اللؤلؤ والمرجان فيما اتفق عليه الشيخان البخاري ومسلم)(١/٨٤٨)

(٢) أخرجه أبو داود وابن ماجه.ضعيف انظر صحيح وضيف سنن ابي داود(١/٢)

چونکە تۆ بەزەیی ومیهرەبانیت بۆ هەموان, وەبڕاوەتەوە کەهەر گەلێك داوای لێبوردن بکات, ناکرێ خوای دلۆڤان قاری لێبگرێت, ئەگەرچی خراپیش بن.

٤- هۆکارێکە بۆ داباارینی باران و بەدەستهێنانی وەچەونەوە:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا﴾ [نوح: ١٠-١٢].

٥- هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی پلەوپایەو ڕێزوشکۆمەندی:

داوای لێخۆشبوونکردن پلەوپایەی بەندە لە نزمەوە بەرزدەکاتەوە بۆ بەرز, لەکەم وکورتی وناتەواویەوە بۆ تەواوێتی وکاملبوون, لەبێزراویەوە بۆ خۆشەویستی ودۆستایەتی, وەلەکۆتایی هەندێك لە پەرستشەکانەوە کراوە بە سوننەت کە داوای لێخۆشبوون بکرێت, وەکو دوای تەواوبوونی نوێژ, وە کۆتایی هێنان لەوەستان لە عەرەفات, وە دوای شەونوێژکردن لەکاتی سەحەردا, وەدوای تەواوبوون وهەستان لە کۆڕومەجلیس, وە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کرد دوای تەواوبوون وکاملکردنی پەیام وبەرنامەکەی کە داوای لێخۆشبوون بکات وەکو لە سورەتی نەصردا, وەکۆتایی هەندێ سورەتی پێهێنراوە وەکو سورەتی مزمل وسورەتی مودەسر, وە پێغەمبەری خوا(صلى الله

علیه وسلم) لەڕۆژێکدا زیاد لە سەدجار داوای لێخۆشبوون وتۆبەی دەکرد لای خوا, بۆیە بەڕاستی تۆبەکردن وداوای لیخۆشبوونکردن فەزڵ وچاکەی لای خوا زۆر بەرز وبلّندە و پاداشتیشی زۆر گەورەیە.

## هۆکاری پێنجەم: چاکەکردن بەرانبەر لاوازو بێهێزان

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی زۆربوونی ڕزق ومالّ, چاکەکردنە بەرانبەر کەسانی بێدەسەلاّت ولاواز.

١- لە موسعەبی کوڕی سەعدەوە دەڵێت, سەعد وای دەبینی کە فەزڵی هەیە بەسەر ئەوانەی کەلەخوار خۆیەوەن, پێغەمبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی«هل تنصرون وترزقون إلا بضعفائكم»[1].واتە, ئێوە تەنها بەهۆی لاوازەکانتانەوە سەردەکەون وڕزق وڕۆزی دەدرێن.

٢- لە ئەبی دەردائەوە دەڵێت, گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی«ابغوني في ضعفائكم؛ فإنما ترزقون وتنصرون

---

(١) صحيح البخاري (٣/١٠٦١).

بضعفائكم»[1]واتە, لەلاوازەکنتان دامنێن, چونکە بەڕاستی ئێوە بەهۆی لاوازەکانتانەوە ڕزق دەدرێن وسەردەکەون.

## لاواز کێیە؟

لە فەرهەنگی المحیط دا هاتووە, لاواز بریتیە لە: دژی بەهێزی, واتە بەهێز نەبێت.[2].

وە هەروەها (ضعیف) بەمانای بچوك وگەورەش هاتووە لەڕووی تەمەنەوە وەکو ئایەتی﴿وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاءُ﴾ [البقرة: ٢٢٦]. وەهەروەها بەمانای (شێتی) یش هاتووە, وەکو ئایەتی[فَإِنْ كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهاً أَوْ ضَعِيفاً...] [البقرة: ٢٨٢], ئیبن کەسیر دەڵێت" واتە کەم تەمەن یان شێت". وە بەمانای (کوێر)یش هاتووە لە بەسەرهاتی ووتەکەی گەلی شوعەیب کەبە شوعەیبیان ووت ﴿وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا﴾ [هود: ٩١].

---

(١) مسند أحمد (١٩٨/٥).صحيح انظر مسند احمد بأحكام الارناؤوط(٢٢٢/٢٣)

(٢) القاموس المحيط للفيروز آبادي ١٠٧١.

سەعیدی كوڕی جوبەیر و سفیانی سەوری دەڵێن: كوێربووە. وە بەمانای ئافرەت وهەتیویش هاتووە, وەك لە فەرموودەكەی پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) كە دەفەرموێت«أحرج مال الضعيفين المرأة واليتيم»[1]., ئیبن ئەسیر دەڵێت: ئەوەیە كە خەڵك بەلاوازی دادەنێن وستەمی لێ دەكەن لەبەر هەژاری و كەمی ماڵ وسامانی. [2].

جا هەندێ جار لاوازیەكە سیفەتێكی جیانەبوەو پەیوەستە بەكەسەكەوە, وەك: كوێری, شەلین, گۆجی وهاوشێوەكانی, وە هەندێك جاریش لاوازیەكە سیفەتێكی دەرەكیەو تووشی كەسەكە دەبێت, وەك: نەخۆشی, غەریبی, هەژاری, مندالّی, بەندكردن.

جا هەندێك جار خەڵكانێك ماڵ ودارابیان هەیە بەلاّم هەر لاوازن, وەك: ئافرەت ومندالّ, وەیاخود لەش ساغە بەلاّم لاوازە, وەك: كۆیلەو هەژارو دەستكورت, وەیاخود لەش ساغەو سەروەت وسامانیشی هەیە, بەلاّم لاوازە, وەك: ئەو غەریبەی كەلە شوێنێكدایە كەس وكارو دۆستانی لانیە. چاكە نواندن بەرانبەر

---

([1]) أخرجه ابن حبان في صحيحه.اسناده حسن انظر صحيح ابن حبان بأحكام الارناؤوط

([2]) النهاية في غريب الحديث لابن الاثير باب ضاد مع العين جزء٣.

ئەم جۆرە كەسانە بە شێوەیەك دەبێت كە بگونجێ لەگەڵیانداو بەم شێوەیەی كە دێت“

ئەگەر لاوازیەكە سیفەتێكی توشبو بوو وەك نەخۆشی, ئەوا چاكەكردن لەگەڵیدا بەوەدەبێت كەسەردان بكرێت وهان بدرێت لەسەر ئارامگری وپاداشت وەرگرتن, وە ئەگەریش بەهۆی نامۆیی ودووره وولاٚتیەوه بوو, ئەوا بەپەیوەندی برایانەی ئیسلامیەوەو كۆمەكیكردنی كۆمەلاٚیەتیەوه دەبێت, وەئەگەریش هەتیوبوو یان ئافرەتێك كە خێزانی نەبوو, بەوە دەبێت كەكاروباریان بۆ ڕابپەڕێنرێت ولەنزیكەوه ئاگایی هەبێت لەگوزەران وبژێویان, وەئەگەریش لاوازیەكە كوێری وشەلی وشێتی بوو ئەوا بەیارمەتی وهاوكاری كردنیان بەگوێرەی لاوازیەكەیان وئارامگرتن لەسەریان, وەئەگەریش بەهۆی هەژاری ودەستكورتیەوه بوو, ئەوا بەبەخشین وسەدەقەوپێشكەشكردنی یارمەتی وخەلاٚت.

بەهۆی ئەم شێوازاناوەیە حیكمەتی شەریعەت ونهێنی فەرمایشتەكەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەردەكەوێت كە فەرمووی«ابغوني عند ضعفائكم» بۆیە كاتێك هەست بە لاوازی وبێدەسەلاٚتی دەكەیت ڕەزامەندی وهاوكاری وسەركەوتنی خوایی ئامادە دەبێت, وەلەفراوانترین دەرگاكانیەوه ڕزق

وڕۆزیت بۆ دەنێرێت, وەبزانە کە جاری واهەیە کەسێك بێبەش دەکرێت لە ڕزقێك بەهۆی خراپ مامەڵەکردنی لەگەڵ لاوازو بێدەسەلاَتەکاندا تاوانکردن بەرانبەریان, وەکو لەبەسەرهاتی خاوەن بێستانەکەدا خوای پەروەردگار چیرۆك وبەسەرهاتیمان بۆ دەگێڕێتەوە لەسوورەتی (القلم) دا کەبەڕاستی پەند وئامۆژگاری تێدایە, کاتێك کە ئەوان ڕێککەوتن لەسەرئەوەی کە بەرووبومی باخ وبێستانەکەیان بەنهێنی بگوازنەوە بۆ ئەوەی خاوەن پێویستی وهەژارو دەستکورتەکان پێیان نەزانن, وەکو خوای پەروەردگار دەفەروێت ﴿فَانْطَلَقُوا وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ﴾ واتە چپەیان دەکرد لەنێوانی خۆیاندا بۆ ئەوەی کەس گوێی لێیان نەبێت, ﴿أَنْ لَا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُمْ مِسْكِينٌ﴾واتە: بۆ ئەوەی هیچ هەژارو کەمدەستێك نەتوانێت بێەژوورەوە بۆ لاتان. بۆیە کازیوەی بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەیان بەسەردا هەڵنەهات هەتا خوای گەورە باخ وبێستانەکەیانی گێڕا بە﴿كَالصَّرِيمِ﴾واتە: وەکو شەوێکی ڕەشی درێژ, دوای ئەوەی کە پڕبوو لە بەروبووم وگوڵ, هەتا لەیەکەم جارەوە وایانزانی ئەم باخە ئەوەی خۆیان نیەو ئەمان ڕێگەیان وونکردوە بۆیە ووتیان﴿إِنَّا لَضَالُّونَ﴾واتە: بەڕاستی ئێمە ڕێگەمان وونکردوە, لەکاتێدا باوکی ئەوانە لەگەڵ هەژار ونەدارەکاندا باشبووەو پێشینێکی باشی هەبووە لەگەڵیاندا, چونکە بەرهەمی بێستانەکەی دەکردبە

سێ بەشەوە لەخۆی وخەڵكانی هەژار, بۆیە كاتێك كە دەمرێت كوڕەكانی دەبن بە میراتگری و دەڵێن:" بەڕاستی باوكمان شێت بوو, چونكە ئەو بەشێكی زۆری لەم بەرهەمە دەدا بە هەژاران بۆیە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ ڕێگری بكەین لەوە ئەوا پشكێكی زۆرترمان بۆ دەمێنێتەوە" بۆیە كاتێك كەسووربون لەسەربڕیارەكەیان خوای گەورەش دژو پێچەوانەی نیەت ومەبەستیان مامەڵەی لەگەڵداكردن وسزای دان وتۆڵەی لێ سەندنەوە, بەوەی كەهەرچی لەبەردەستیاندابوو خوا هەمووی لەناوداو فەوتاندی, لەسەرمایە وقازانج.

بۆیە ئەی خوێنەری یەكخواپەرست, ڕەحمەتی خوات لێبێت, سەرنج بدە چۆن تۆڵەیان لێ سەندرا بەهۆی تاوانەكەیانەوە بەرانبەر هەژاران ونەداران, ئەمەش ڕاستێتی فەرمایشتەكەی پێغەمبەری ئازیز(صلى الله عليه وسلم) دەردەخات كە فەرمووی: «هل تنصرون وترزقون إلا بضعفائكم».

## هۆكاری شەشەم: بەخشین لە پێناوی خوادا

یەكێكی تر لە هۆكارەكانی زۆربوونی ڕزق بریتیە لە ماڵ بەخشین لەپێناوی خوادا:

١- خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾ [سبأ: ٣٩]. .ئیبن كەسیر دەڵێت واتە: لەدونیادا خوا بەگۆڕینەوە جێی دەگرێتەوە بۆتان, وە دوارۆژیشدا بە پاداشت.[١].

**ئیمامی ڕازی دەڵێت:** ئەوەی ببەخشێت ئەوە بەڕاستی مەرجی بەدیهێنانی جێگۆڕكێی بەدەست هێناوە, وەئەوەشی نەبەخشێت ئەوە نەمان وتیاچوون سیفەتێكی دانەبڕاوی سامان ودارابییە, جا ئەوەی هەڵنەسێت بەوەی كەشایەنی جێگۆڕكێیە ئەوا ئەو سامانەی هەیە لەدەست دەچێت ودەڕوات بەبێ ئەوەی شتێك هەبێت جێگای بگرێتەوە.[٢].

---

(١) تفسيرالقرآن العظيم سورة سبأ لابن كثير (٣/٥٩٥).

(٢) التفسير الكبيرالمعروف بمفاتيح الغيب للفخرالرازي (٢٥/٢٦٣)

٢- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَلَا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنْفِقُونَ وَلَسْتُمْ بِآخِذِيهِ إِلَّا أَنْ تُغْمِضُوا فِيهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ * الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ وَاللهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ وَفَضْلًا وَاللهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ *﴾ [البقرة: ٢٦٧، ٢٦٨].واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەماڵە چاك وپاكە كەلە ڕێگەیەكی حەلاڵ وپەسەندەوە بەدەستان هێناوە, لەوەش كەلەزەوی دەرمانخستووە بۆتان ببەخشن وبەدوای بەخشینی شتێكی ناپوخت وخراپدا مەگەڕێن, لەكاتێكدا لەباتی ئەو هەژارە گەر چاوپۆشی نەكەن وەری ناگرن, باشە! ئەی خوای گەورە—كەلەهەموو شتێك بێنیازە—چۆن وەریدەگرێت؟ چاك بشزانن كەبەڕاستی خوا لەگشت بەخشینێكی ئێوە دەوڵەمەندو بێنیازە, وكەڵكەكەشی بۆخۆتان دەگەڕێتەوە, سوپاس كراویشە, تەنهاهەر ئەویش شایەنی سوپاسە,لەكاتی بەخشیندا شەیتان بەڵێنی هەژاری ونەداریتان پێدەداو, پێتان دەڵێت: ئەگەر ببەخشن لات وهەژار دەكەون! وە فەرمانتان پێدەكات بەكاری خراپە (وەك ڕژدی وچرووكی), خواش بەڵێنی لێبوردن وفەزڵ وبەهرەی خۆیتان پێدەدات, خوا خاوەنی نیعمەتێكی فراوانەو زۆر زاناو بەئاگایە بەهەموو كردارو نیازێكتان.

**ئیبن عەباس دەڵێت:** دووان لەخواوەو دووان لە شەیتانەوە, ﴿الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ﴾ شەیتان دەڵێت: ماڵکەت مەبەخشە بیهێڵەوە بۆخۆت چەنکە پێویستیت پێی دەبێت. ﴿وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ﴾،﴿وَاللَّهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ﴾ خواش بەڵێنی لێخۆشبوون دەدات لەسەر ئەو تاوان وسەرپێچیە, ﴿وَفَضْلًا﴾ لەڕزق وڕۆزیدا.[1].

القاضي ابن عطية دەڵێت: (مَغْفِرَةً) واتە داپۆشینی تاوانی بەندەکانی لەدونیا و دوارۆژدا, وە (فەزڵ)یش واتە ڕزق وڕۆزی وفراوانکردنی لە دونیادا.[2].

٣- لەئەبو هورەیرەوە, پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: خوای گەورە فەرمویەتی: «یا ابن آدم! أنفق أُنفق علیك»[3] واتە: ئەی نەوەی ئادەم ! ببەخشە پێت دەبەخشرێت.

ئیمامی نەوەوی دەڵێت: فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار «أنفق أُنفق علیك» واتای ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت :﴿وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ﴾

---

(١) تفسيرجامع البيان لابي جعفر الطبري (٥/٥٧١).

(٢) المحرر الوجيز في تفسير كتاب الله العزيز لابي محمد عبد الحق بن غالب بن عطية الاندلسي (٢/٣٢٩).

(٣) صحيح مسلم (٩٩٣ -- ٣/٧٧).

ئەمەش هاندانی تیێدایە لەسەر بەخشین لە ڕێگاکانی خێردا ومژدەدان بە جیێگرتنەوەی لەفەزڵ وچاکەی خواوە.[1].

٤- لەئەبو هورەیرەوە, پیێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی:

«ما من يوم يُصبح العباد فيه إلا ملكان ينزلان فيقول أحدهما: اللهم أعط منفقًا خلفًا، ويقول الآخر: اللهم أعط ممسكًا تلفًا»[2]. واتە هیچ ڕۆژێك نیە کە بەندەکان تیێیدا ڕۆژبکەنەوە ئیلا دوو فریشتە دادەبەزێت, یەکێکیان دەڵێت: ئەی پەروەردگار, ئەوەی دەبەخشێت جیێگەی بۆ پڕبکەرەوە, ئەوی تریش دەڵێت: ئەی پەروەردگار, ئەوەی نابەخشێت ودەیگرێتەوە ماڵەکەی لەناوببە.

وە زانراویشە کە دوعای فریشتە گیرا دەبیێت و وەڵاّم دەدرێتەوە.[3].

٥- لەئەبو هورەیرەوە, پیێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی:

«أنفق يا بلال! ولا تخش من ذي العرش إقلالا»[4].واتە ئەی بیلال! ببەخشە مەترسە لەکەمبوونەوە لەو خوایەی کە خاوەنی عەرشە.

---

([1]) صحيح مسلم بشرح النووي (٤٩/١٣).

([2]) البخاري (١٤٤٢).

([3]) انظر عمدة القاري  شرح صحيح البخاري لبدر الدين العيني الحنفي(٣٥٩/١٣).

([4]) شعب الإيمان للبيهقي (١٣٤٥).

واتە: ئەترسیت لەوەی وێنەی تۆی بیربچێت ولەدەست بدات لەکاتێکدا ئەو خوایە هەموو کاروبارەکان لەئاسمانەکان وزەویدا بەڕێوە دەبات, ئەترسیت لەوەی هیواوئامانجت بەدی نەیەت و ڕزق وڕۆزیت کەم بێتەوە لەکاتێکدا ئەو خوایە سۆزو ڕەحمەتی هەموو ئەهلی ئاسمانەکان وزەوی گرتۆتەوە لە بێباوەڕو باوەڕدارو باڵندەو گیان لەبەران.[1].

٦ - لەئەبو هورەیرەوە, پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: «بَيْنَا رَجُلٌ بِفَلاَةٍ مِنَ الأَرْضِ فَسَمِعَ صَوْتًا فِى سَحَابَةٍ اسْقِ حَدِيقَةَ فُلاَنٍ فَتَنَحَّى ذَلِكَ السَّحَابُ فَأَفْرَغَ مَاءَهُ فِى حَرَّةٍ فَإِذَا شَرْجَةٌ مِنْ تِلْكَ الشِّرَاجِ قَدِ اسْتَوْعَبَتْ ذَلِكَ الْمَاءَ كُلَّهُ فَتَتَبَّعَ الْمَاءَ فَإِذَا رَجُلٌ قَائِمٌ فِى حَدِيقَتِهِ يُحَوِّلُ الْمَاءَ بِمِسْحَاتِهِ فَقَالَ لَهُ يَا عَبْدَ اللَّهِ مَا اسْمُكَ قَالَ فُلاَنٌ لِلاِسْمِ الَّذِى سَمِعَ فِى السَّحَابَةِ فَقَالَ لَهُ يَاعَبْدَ اللَّهِ لِمَ تَسْأَلُنِى عَنِ اسْمِى فَقَالَ إِنِّى سَمِعْتُ صَوْتًافِى السَّحَابِ الَّذِى هَذَا مَاؤُهُ يَقُولُ اسْقِ حَدِيقَةَ فُلاَنٍ لاِسْمِكَ فَمَا تَصْنَعُ

(١) انظر مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح الملا علي القاري(٦/١٨٨).

فِيهَا قَالَ أَمَّا إِذَا قُلْتَ هَذَا فَإِنِّى أَنْظُرُ إِلَى مَا يَخْرُجُ مِنْهَا فَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثِهِ وَآكُلُ أَنَا وَعِيَالِى ثُلُثًا وَأَرُدُّ فِيهَا ثُلُثَهُ» [1].

واتە : لەکاتێکدا پیاوێك لەدەشتێکدا (بیابانێکدا) بوو، گوێی لە دەنگێك بوو بە هەورێکی دەووت: باخ‌و بێستانی فلانەکەس ئاو بدە، ئینجا هەورەکەش ئاوەکەی کرد بەسەر زەوییەکی بەردەلانی ڕەشدا (زەویەکە پڕبوو لەبەرد)، سەیری کرد ئاوەکە هەمووی بە جۆگەلەیەکدا ڕۆیشت، وە پیاوێك بەپێوە وەستابوو لە ناو باخ وبێستانەکەیدا بەبێڵەکەیەوە ئاو دێری دەکات، ئەمیش بە پیاوە باخەوانەکەی ووت: ئەی بەندەی خوا ناوت چییە؟ پیاوە باخەوانەکەش وتی: فلان (ناوی خۆی پێ ووت)، هەر ئەو ناوە بوو کە گوێی لێ بوو لە هەورەکە بیستی، پیاوە باخەوانەکە پێی ووت: ئەی بەندەی خوا بۆ لە ناوی من دەپرسی؟ ئەمیش وتی: چونکە گوێم لە دەنگێك بوو لە هەورەوە دەیووت: ئەمە ئاوەکەیەتی ئاوی باخ‌و بێستانی فلانەکەس ئاو بدە، وە ناوی تۆی هێنا! پیاوەکەش بە باخەوانەکەی ووت: ئایا تۆ چی لە بەرو بوم وحاصلاتی ئەم باخ‌و بێستانە دەکەیت؟ پیاوە باخەوانەکەش وتی: من چاوەڕێی بەرو بوم‌و حاصلاتی ئەم باخ‌و بێستانە دەکەم ئینجا هەرکات پێگەیشت، ئەوا (سێ یەکی) لێدەکەم

---

[1] صحيح مسلم (٧٦٦٤).

بەخێرو صەدەقە (بۆ فەقیرو هەژاران)، وە (سێ یەكی) لەگەڵماڵو منداڵەكەمدا دەیخۆین، وە (سێ یەكی) بۆ بنەتۆو دەهێڵمەوە.

٧- ئەنەسی كوڕی مالك دەڵێت, دووبرا لە سەردەمی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم) هەبوو, یەكێكیان دەهاتە لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و ئەوی تر پیشەوەربوو, پیشەوەرەكە سكالاّی براكەی لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) كرد, پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) فەرموی: «لعلَّك تُرزق به»[1].واتە بەڵكو لەوانەیە تۆ بەهۆی ئەوەوە رِزق بدرێیت.

الملا علي قاري دەڵێت: فەرمایشتەكەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) كە فەرمووی«لَعَلَّكَ تُرزَقُ به»بەشێوازی بكەر نادیار, واتە: هیوام وایە یان دەترسم تۆ بەهۆی ئەوەوە رِزق بدرێیت, نەوەك ئەو رِزق دەدرێت بەهۆی پیشەكەی تۆوە, بەهۆی پیشەكەتەوە منەتی بەسەردا نەكەیت.[2].

لەسەیرترینی ئەو شتانەی كەلەبارەی بەخشینەوە خوێندمەوە, ئەوەیە كە بینرا ئافرەتێكی پیر دەگریت بۆ دراوسێیەكی كە مردبوو, پێی وترا بۆچی وادەكەیت؟

---

(١) جامع الترمذي (٢٣٨٣) وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي (٢٣٤٥) وانظر المشكاة (٥٣٠٨) ، و الصحيحة (٢٧٦٩).

(٢) انظر مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح الملا علي القاري(٢٣٦/١٥)

ئەویش ووتی: كاتێك كە دراوسێمان بوو هەموومان هەژاربووین بەشێوەیەك كەسەدەقەمان پێ ڕەوابوو, كاتێك كەئەویش مرد ئێمە بەشێوەیەك باش بووین كە هەمووومان زەكات واجب بوو لەسەرمان.

## هۆكاری حەوتەم: بەتاڵكردنەوەی دڵ تەنها بۆ پەرستنی خوا

یەكێكی تر لە هۆكارەكانی ڕزق بریتیە لە ئامادەكردن وپاكژكردنەوەی دڵ تەنها بۆناسین و پەرستشی خوای گەورە:

١- لەئەبو هورەیرەوە, پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: «إن الله تعالى يقول: يا ابن آدم! تفرغ لعبادتي أملأ صدرَك غنى، وأَسُدُّ فقرك، وإن لا تفعل ملأت يَدَكَ شُغْلًا، ولم أَسُدّ فقرَك»[1].واتە: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم! خۆت یەك لاو سازبكە بۆ پەرستنم, سنگت پڕدەكەم لە دەوڵەمەندی وهەژاریت لێ دەگرمەوە, وەئەگەریش ئەنجامت نەدا ئەوا دەستت پڕدەكەم لەسەرقاڵی وهەژاریشت لەسەر هەڵناگرم.

٢- لە معقلی كوڕی یسارەوە, دەڵێت: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی«يا ابن آدم! تفرَّغْ لعبادتي أملأ قلبك غنى وأملأ يديك

(١) صحيح سنن الترمذي (٢٤٦٤).وصححه الالباني في صحيح الجامع(١٧٨/٢)

رزقًا، يا ابن آدم! لا تباعدني فأملأ قلبَك فقراً، وأملأ يديك شغلاً»[1]. واته: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم! خۆت پاڵفته بکه بۆ پەرستنم دڵت پڕدەکەم لەدەوڵەمەندی ودەستەکانت پڕدەکەم له ڕزق, ئەی نەوەی ئادەم! لێم دوور مەکەوەرەو ئەوا دڵت پڕدەکەم له هەژاری و دەستەکانتیش پڕ دەکەم له سەرقاڵی.

## پەرستن

**پەرستن**: بریتیه له ناوێکی کۆکەرەوە که هەموو ئەو کرداروگوفتارە ڕووکەش وناوەکیانه دەگرێتەوە که خوا پێی خۆشه ولێی ڕازیه, وه پەرستنێك بەپەرستش دادەنرێت که له سوننەتی پێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) وەرگیرابێت و بەتەنهاش مەبەست لێی خوابێت, وه خۆ پاڵفتەکردن وخۆتەرخانکردن بۆ عیبادەت هۆکارێکه بۆ بەختەوەری هەتاهەتایی وڕزگاربوون له هەموو شەڕوخراپەیەك, وه خۆ پاڵفتەکردن بۆ عیبادەت مانای ئەوە نیه که واز لەئیش وکار بهێنرێت وبەدوای ڕزقدا نەگەڕێیت چونکه ئیسلام هەرگیز ڕۆژێك له ڕۆژان داوای بێکاری وتەمەڵی نەکردووەو ناشیکات, بەڵکو واتاکەی لەوە زۆر لەوە بڵندتروگشتگیرتره, ئەوەش بەبەجێهێنانی چەند هەنگاوێك دەبێت لەوانه:

[1] السلسلة الصحيحة للالباني(١٣٥٩).

**یەکەم:** (کە گرنگترینیانە)بەجێهێنانی یەکخواپەرستیەکی پاکژ بۆ خوای گەورە, ئەمەش ڕێگاڕاستەکەی ئایینی ئیبراهیمە—سەلامی خوای لەسەربێت—وەهەر بەمەشە فەرمان بە مرۆڤ وجنۆکە کراوە وەکو ئایەتی ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦] واتە: من هەر بۆیە جنۆکەو ئادەمیم دروستکردووە تا بمپەرستن وبمناسن. وەپەرستن لێرەدا وەکو زانایان دەڵێن واتە یەکخواپەرستی, وە وشەی (ڕەب) واتە پەرستراو, چونکە ئەو دروستکارە وهەموو شتێکی لەنەبونەوە دروستکردووە, وە دروستکاریش شایستەی پەرستنە, وە جۆرەکانی پەرستشیش کە خوا فەرمانی پێکردووە وەك: ئیسلام, ئیمان, ئیحسان, پاڕانەوە, داوای یارمەتی کردن, سەربڕین, نەزرکردن, وە جۆرەکانی تری پەرستن کە خوا فەرمانی پێکردووە, وەکو خوا لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ [الجن: ١٨]جا هەرکەسێك جۆرێك لەجۆرەکانی پەرستن بۆ جگە لەخوا بکات ئەوا هاوبەشی بۆخوا ڕەوا داوەو بێباوەڕە, بەبەڵگەی ئەم ئایەتە ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ [المؤمنون: ١١٧]واتە: ئەوەی لەگەڵ خوادا هانا بۆ خوایەکی تر دەبات ودەیپەرستێ, وهیچ بەڵگەیەکیش نیە لەسەر شیاوێتی بۆ پەرستنی, ئەوە لێپرسینەوەی کاروکرداری

لای پەروەردگارێتی ونایگەیەنێت بەبەختیاری, چونكە كافروبێباوەڕەو دەیخۆ بیبڕوایانیش هەرگیز بەختیارو ڕزگارنابن. وەئەو كەسەی كە هاوبەش بڕیاربدات ئەوا هەرگیز خوا لێی خۆش نابێت تاوانەكەی شایستەی لێبوردن نیە, بەبەڵگەی ئایەتی: ﴿إِنَّ اللهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ [النساء: ٤٨، ١١٦]. بێگومان خوا لەوانە خۆش نابێت كە هاوەڵ وهاوبەشی بۆدادەنێن, بەڵاّم تاوانی كەمتر لە شیرك بۆهەركەسێك خۆی بیەوێ و شایستەبێت ئەبورێ.

**دووەم:** پاككردنەوەی نیەت ومەبەست لەكاتی هەستان بەئەنجامدانی هەركردارو گوفتارێكی حەڵاڵ بەوەی كەتەنها بۆخوابێت, بۆیە جوتیارو پیشەگەرو بازرگان و پزیشك ئەگەر نیەتی لە كارەكەی سوودگەیاندن بێت بە كۆمەڵگەی موسڵمان, ئەوا كارەكەی بە عیبادەت دەژمێررێت, وە تەنانەت خەوتن بە عیبادەت دادەنرێت ئەگەر مەبەست لێی پشوودان بێت بۆ ئەوەی توانای بێتەوە بۆ تەقواو خواپەرستی, بەهەمان شێوە هەموو كاروكردەوەكان, وەكو پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی«وفي بضع أحدكم صدقة». قالوا: يا رسول الله أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟ قال:

**«أرأيتم لو وضعها في حرام، أكان عليه فيها وزر...»**[1]. واتە: گەر یەكێكتان بچێتە لای خێزانەكەی ئەوا بە خێروسەدەقە بۆی دەژمێررێت, وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئایا یەكێكمان ئارەزووی خۆی بەتاڵ بكاتەوە خێری بۆ دەنوسرێت؟ ئەویش فەرموی: ئەگەر ئارەزوەكەتان بەڕێگەی حەرام خاڵی بكەن تاوان نیە؟ بەهەمان شێوە لەحەلاڵدا پاداشتی هەیە.

**سێیەم:** ئەوەیە كەبەندە لەكاتی پەرستندا دڵ وجەستەی ئامادەبێت, خشوعی هەبێت بۆخوای تاك وتەنها, هەست بەگەورەیی خوا بكات, هەست بەوەبكات كە گفتوگۆ لەگەڵ خوایەكدا دەكات كە پاشایەكی زۆربەدەسەڵاتە, وەكو چۆن لەم فەرموودەیەدا هاتووە: «**أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك**»[2].بەشیوەیەك خوا بپەرستە وەكوچۆن خوا ببینیت, جائەگەر تۆش نەتبینی ئەوا ئەو دەتبینێت". نەك وەك ئەوانەی كە جەستەكانیان لەناو مزگەوتە و دڵیان لەدەرەوەی مزگەوت !!!

---

(١) صحيح مسلم ١٦٧٤.(٨٢/٣)

(٢) مفاتيح الرزق، د/ فضل إلهي.

## هۆكاری هەشتەم: هاوسەرگیری

خوای پەروەردگار دەفەرمویت﴿وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [النور: ٣٢]. واتە: ئەی موسڵمانان ! ئافرەتە بێ مێردەكانتان بەشوو بدەن, بۆ پیاوە بێ هاوسەرەكانیشتان هاوسەر پەیدابكەن, بۆ بەندەو كەنیزەچاك وصالحەكانیشتان هەروا بكەن, واتە بۆ بەندەكان ژن بهێنن, كەنیزەكانیش بەشووبدەن, ئەگەر لات وهەژاریش بن دڵ سارد مەبن لێیان, چونكە خوا لە فەزڵ ومیهرەبانی و بەهرەی خۆی بێنیازو دەوڵەمەندیان دەكات وە خوا خۆی بەخشەرو زۆر زانایە بەبەرژەوەندی بەندەكانی.

ئەبوبەكری صدیق(ڕەزای خوای لێبێت)دەڵێت: گوێڕایەڵی خوا بكەن لەوەی فەرمانی پێتان كردووە بەهاوسەرگیری, ئەویش ئەو بەڵێنەی كە داویەتی پێتان جێ بەجێی دەكات لە دەوڵەمەندی.

ئیبن مەسعودیش دەڵێت: خوازیاری دەوڵەمەندی بن لە هاوسەرگیریدا.[1].

(١) انظر تفسير ابن كثير(٦/٤٧٩).

ئیبن عباس دەڵێت: خوای گەورە هانیان دەدات بۆ هاوسەرگیری و فەرمان بە كۆیلەو ئازادەكانیش دەكات و بەڵێنی دەوڵەمەندیشیان دەداتیٚ, دەفەرمویٚت: ﴿إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾

لە ئەبو هورەیرەوە, پیٚغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: «ثلاثة حقٌّ على الله عونهم الناكح يريد العفاف والمكاتب يريد الأداء والغازي في سبيل الله»[1].واتە: سیٚ كەس هەن خوای پەروەردگار كردوویەتی بەحەق بەسەر خۆیەوە یارمەتیان بدات, كەسیٚك بیەویٚ ژن بیٚنیٚ لەبەر داویٚن پاكی, كەسیٚك قەرز بكات بەمەبەستی دانەوەی, كەسیٚكیش بچیٚت بۆ غەزا لە پیٚناوی خوا.

---

(1) رواه الترمذي.وحسنه الالباني في صحيح وضيف الترمذي(٤/١٥٥) والنسائي في سنن الكبرى(٦/٢١) واحمد في المسند باحكام الارناؤوط(٨/١٦٤)

## هۆکاری نۆیەم: حەج وعومرە کردن

١- لە عبداللەی کوڕی مسعودەوە, پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: «تابعوا بين الحَجِّ والعمرة؛ فإنهما ينفيان الفقر والذنوب كما ينفي الكيرُ خَبَثَ الحديد والذهب والفضة، وليس للحَجَّة المبرورة ثوابٌ إلا الجنة »[1].واتە: حەج وعومرە تەواو بکەن بەدوایدا بچن, چونکە ئەو دووانە هەژاری وتاوان لادەبەن هەروەکو چۆن ئاگری کورە پیسایی ئاسن وئاڵتون و زیو لادەبات, وەحەجێکی وەرگیراو پاداشتەکەی تەنها بەهەشتە.

٢- وە ئیمامی ابن حبان لەسەر ناونیشانی ئەو فەرموودەیە نوسیویەتی" باسی لابردنی تاوان و هەژاری لەسەر موسڵمان بە هۆی حەج و عومرەوە".[2].

٣- لە ئین عەباسەوە, پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: «تابعوا بين الحج والعمرة؛ فإنهما ينفيان الفقر والذنوب كما ينفي الكير خبث الحديد»[3]. واتە: حەج وعومرە تەواو بکەن بەدوایدا بچن, چونکە ئەو دووانە هەژاری وتاوان لادەبەن هەروەکو چۆن ئاگری کورە پیسایی ئاسن لادەبات.

---

[1] مسند أحمد (٣٦٦٩) قال الأرنؤوط : وهذا اسناد حسن، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب برقم (١١٠٥).

[2] الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان (٦/٩)وصحيح ابن حبان بترتيب بن بلبان(١/٩).

[3] صحيح سنن النسائي (١٢٢/٢).وصححه الالباني في صحيح وضعيف سنن النسائي(٦٦/١)

## فەزڵەکانی حەج و عومرەکردن

١- حەجکردن تاوانەکانی پێشەوەی دەسڕێتەوە: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بە عەمری کوڕی عاصی فەرموو: «أما علمت أن الإسلام يهدم ما كان قبله، وأن الهجرة تهدم ما كان قبلها، وأن الحج يهدم ما كان قبله»[1].واتە: ئەی عەمر ئایا نەتزانیوەکە موسڵمانبوون تاوانەکانی پێشەوە دەسڕێتەوەو کۆچکردنیش تاوانەکانی پێشەوەی دەسڕێتەوەو حەجکردنیش تاوانەاکاننی پێشەوەی دەسڕێتەوە.

٢- لەکردەوە چاکەکانن, پرسیارکرا لەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چ کردەوەیەك باشترینە؟ ئەویش فەرموی " باوەڕهێنان بە خواو پێغەمبەرەکەی" وترا: ئەی دوای ئەوە؟ ئەویش فەرموی" تێکۆشان لە پێناوی خوادا" وترا: ئەی دوای ئەوە؟ ئەویش فەرموی" حەجێکی وەرگیراو".[2].

٣- لێخۆشبوون لەتاوانەکان بەبچوك وگەورەوە: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «من حج هذا البيت فلم يرفث ولم يفسق، رجع كيوم ولدته أمه»[3].واتە: ئەوەی حەجی ئەم ماڵە بکات و کارو وتەی نابەجێ

---

(١) صحيح مسلم (١٧٣).

(٢) متفق عليه واللفظ للبخاري.البخاري(١/١٣)ومسلم(١/٦٢)

(٣) البخاري ١٦٩١.(٢/١٩٨)

وناشایستە نەكات, ئەوا دەگەڕێتەوە پاك دەبێتەوە لە تاوان وەكو تازە لە دایك بێت وایە.

٤- پاداشتەكەی بریتیە لە بەهەشت: پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: «العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما، والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة». متفق عليه

واتە: عومرە بۆ عومرە دەبێتە كەفارەتی تاوانی نێوانیان, وە حەجێكی وەرگیراویش پاداشتەكەی تەنها بەهەشتە.

٥- نوێژكردن لەمزگەوتی حەرام بەرانبەرە بە سەدهەزار نوێژ, پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: «فضل الصلاة في المسجد الحرام على غيره مائة ألف صلاة، وفي مسجدي ألف صلاة، وفي مسجد بيت المقدس خمس مائة صلاة». واتە: فەزڵی نوێژكردن لە مزگەوتی حەرام بەرانبەرە بەسەد هەزار نوێژ, وە لەمزگەوتی مندا بەرانبەرە بە هەزار نوێژ, و لەمزگەوتی (بيت المقدس)یشدا بەرانبەرە بە پێنج سەد نوێژ.

٦- لەفەزڵەكانی حەجكردن بریتیە لەوەی كە ڕۆژی عەرەفەی تێدایە:

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « مَا مِنْ يَوْمٍ أَكْثَرَ أَنْ يُعْتِقَ اللَّهُ فِيهِ عَبْدًا مِنَ النَّارِ مِنْ يَوْمِ عَرَفَةَ ...» رواه مسلم واتە: هیچ ڕۆژێك نیە خوا ئەوەندەی ڕۆژی عەرەفە بەندە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بکات.....

وە هەروەها دەفەرموێت : «خير الدعاء دعاء عرفة...» رواه الترمذي ( ٣٥٨٥ ) وحسَّنه الألباني في " صحيح الترغيب " ( ١٥٣٦ ).

باشترین پاڕانەوە بریتیە لە پاڕانەوەی عەرەفە....."

٧- یەکێکی تر لە چاکێتیەکانی دەستپێوەدانە لە بەردە ڕەشەکە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «والله ليبعثه الله يوم القيامة، له عينان يبصر بهما، ولسان ينطق به، يشهد على من استلمه بحق» واتە: سوێند بەخوا لە ڕۆژی قیامەتدا خوا ئەو بەردە دێنێت ودووچاوی هەیە پێیان دەبینێت وزمانیشی هەیە کەقسەی پێ دەکات, شاهێدی دەدات لەسەر هەرکەسێك کە دەستپێوەدانی کردبێت.

٨- دەستپێوەدان لە ڕوکنەین: لە ابن عبیدی کوڕی عمیرەوە ئەویش لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە ابن عمر قەرەباڵغیەکی زۆری دەکرد لەسەر ڕوکنەین بە شێوەیەك کە هیچ هاوەڵێکی پێغەمبەرم بەو شێوەیە نەدیبوو وابکات: منیش

پێم ووت ئەی باوکی عبدالرحمن ئەتبینم قەرەباڵغیەك دەکەیت کە هیچ هاوەڵێك نایکات, ئەویش ووتی: چونکە لە پێغەمبەری خوام(صلى الله عليه وسلم) بیستووە دەیفەرموو«من طاف بهذا البيت أسبوعًا فأحصاه كان كعتق رقبة» صححه الألباني في صحيح الترمذي.واتە : هەرکەسێك حەوت جار بەدەوری بەیتدا بسوڕێتەوە و بیانژمێرێت وەکو ئازاد کردنی بەندەیەکە.

وە هەروەها گوێم لێبوو دەیفەرموو«لا يضع قدمًا ولا يرفع أخرى إلا حط الله عنه خطيئة وكتب له بها حسنة»[1].واتە: هیچ پێیەك دانانرێت وئەویتر هەڵبگیرێتەوە ئیلا خوا تاوانێکی لەسەر دەسڕێتەوەو چاکەیەکی بۆ دەنووسێت.

## هۆکاری دەیەم: تێکۆشان لە پێناوی خوادا

پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «.. وجُعل رزقي تحت ظلِّ رُمحي» [2]. واتە: ڕزقم لەژێر سێبەری ڕمەکەمدا دانراوە.

---

(١) الترمذي (٨٨٢).صححه الالباني في صحيح الجامع(١/١٠٧٤)

(٢) مسند أحمد (٣٥١١——١/١٢٠).وقال الارناؤوط في(مسند الامام احم بأحكام الارناؤوط ):اسناده قوي على شرط مسلم

## هۆكاری یازدەیەم: گەڕانەوە بۆلای خوا لەكاتی پێویستیدا

له ئیبن مسعودەوە, پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «من نزلت به فاقة فأنزلها بالناس لم تُسَدّ فاقتُه، ومن نزلت به فاقة فأنزلها بالله فيوشك الله له برزق عاجل أو آجل»[1].

واته: ئەو كەسەی قات و قڕی و نەبونەیەكی بەسەردا هات و پەنای بردە بەر خەڵكی ، ئەوا ئەو قات و قڕی و نەبوونیەی لەسەر هەڵناگیرێت ، بەڵام ئەو كەسەی پەنا بەرێتە خوای پەروەردگار ئەوا نزیكە خوای پەروەردگار ڕۆزی بدات ئەوەی بەزووی یان پاشتر لەسەر لابدات.

## هۆكاری دوازدەیەم: كۆچ كردن لە پێناوی خوادا

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً﴾ [النساء: ١٠٠] . واتە: هەركەسێك لەبەر دینی خوا لە ماڵی خۆی كۆچ بكات وئەوا لەو وڵاتەدا كەبۆی دەچێ گەلێ جێگاو شوێنی

---

(١) الترمذي (٢٢٤٨).صححه الالباني في صحيح الجامع(٢/٢٧٦)

باشی حەوانەوەی بۆدەبیٚ و دەکەوێتە فەرحانیەوە. لە تەفسیردا هاتووە کە ( سعە ) واتە فراوانی لە ڕزق وڕۆزیدا.[1].

## هۆکاری سێزدەیەم: کردەوەی چاك وگوێڕایەڵی کردنی پەروەردگار

لەئەنەسی کوڕی مالکەوە, پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «أن الكافرَ إذا عمل حسنةً أُطعم بها طعمة من الدنيا، وأما المؤمن فإن الله يَدَّخر له حسناته في الآخرة، ويعقبه رزقًا في الدنيا على طاعته»[2]واتە: ئەگەر کەسی بێباوەڕ کردەوەیەکی چاك بکات ئەوا چێژەکەی دەدرێتی لە دونیادا, بەڵام بڕوادار خوای گەورە چاکەکانی بۆ کۆدەکاتەوەو هەڵدەگرێت لە ڕۆژی دواییدا, وەبەدوایدا ڕزق وڕۆزیەکی پێدەدرێت لە دونیادا لەسەر ئەو گوێڕایەڵیەی کە کردوویەتی.

لە جابری کوڕی عبدالله وە , پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «أَيُّها الناس اتقوا الله وأجملوا في الطَّلَب؛ فإن نفسًا لن تموت حتى تستوفي رزقَها وإن أبطأ عليها، فاتقوا الله وأجملوا في الطلب، خذوا ما

---

(1) تفسير ابن كثير (٢/٣٨٨).

(2) صحيح مسلم (٧٢٦٠)(٨/١٣٥).

حل ودعوا ما حرم»[1]. واته: ئەی خەڵكینه له خوا بترسێن و پاك وخاوێن وجوانخوازبن له داواكردنتاندا, چونكه هیچ كەسێك نامرێت هەتاكو بەشه ڕزقەكەی نەمێنێت ونەیخوات هەرچەندە هێواشیش بێت لەسەری, له خوا بترسێن و پاك وخاوێن وجوانخوازبن له داواكردنتاندا, ئەوەی كه حەڵاڵە بەدەستی بهێنن و وازبێنن لەوەیشی كه حەرامە.

هەروەكو چۆن چەند هۆكارێك هەیە بۆ هێنان ودەسگیربوونی ڕزق, بەهەمان شێوە چەند هۆكارێكیش هەن كه ڕێگرن ودەبنە لەمپەر لەبەردەم هاتنی ڕزقدا, ئەگەر گوێڕایەڵی وچاكەكردن كۆكەرەوەی هەموو خێرێك بێت, و فراوانترین دەرگای بەخشینی ڕزقە, بەهەمان شێوە سەرپێچی وتاوانكردن لەگەورەترین وكاریگەرترینی ئەو هۆكارانەن كه دەرگای ڕزق دادەخەن و بەخشینی ڕزق بەرتەسك دەكەنەوە و هۆكارەكانی گوزەران سەخت ونارەحەت دەكەن“ له سەوبانەوە: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «لا يزيد في العمر إلا البر، ولا يَرُدُّ القدرَ إلَّا الدعاء، وإن الرجلَ لَيُحْرم الرزق بالذنب يصيبه»[2].

---

(١) ابن ماجه كتاب التجارات (٢١٣٥).وصححه الالباني في صحيح وضعيف ابن ماجه(٢/٩)

(٢) ابن ماجه كتاب الفتن (٤٠١٢). وحسنه الالباني في صحيح وضعيف ابن ماجه(٤٠٢٢)(٢٢/٩) دون قوله:ون الرجل ليحرم

واته: هیچ شتێك تەمەن درێژو زیادناكات چاكەكردن نەبێت, وە هیچ شتێكیش قەدەر ڕەد ناكاتەوە دوعاوپاڕانەوە نەبێت, وە پیاو بێبەش دەبێت لە ڕزق بەهۆی تاوانێكەوە كە دەیكات.

وە لە گێڕانەوەیەكی تردا بەم شێوەیە هاتووە«.. وإن الرجل ليُحرم الرزق بخطيئة يعملها»[1].

وە لە ئیبن عباسەوە, پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «ولا نقص قومٌ المكيالَ والميزانَ إلَّا قُطع عنهم الرزق»[2]. واته: هیچ گەلێك نیە كە غەش وكەم وكورتی بكەن لە كێشانەوپێوانەدا ئیلا ڕزقیان لێ دەبڕڕێت.

بۆیە تاوان وسەرپێچی دەرگای ڕزق لە خاوەنەكەی دادەخات, ئەم باسەش لە كتێبەكانی شێخی ئیسلام ابن تيميه وقوتابیەكەیدا ابن القيم (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ) بەدرێژی باسیان لێوە كردووە, وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ [البقرة: ١٢].

---

الرزق بالذنب يصيبه. فانه ضيف

(١) ابن ماجه المقدمة (٨٧٠). وحسنه الالباني في صحيح وضعيف ابن ماجه(١/١٦٢) دون قوله:ون الرجل ليحرم الرزق بالذنب يصيبه. فانه ضيف

(٢) الموطأ (٨٧٠).وقال الامام بن عبدالبر في كتاب التمهيد:هذا موقوف في حكم المرفوع لانه مما لايدرك بالرأي(٢٣/٤٢٠)

زانای بەڕێز شێخ سەعدی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت" لەبەر ئەوەی دووڕوەکان خۆیان هۆکارن بۆ دروست بوونی فەسادو خراپ بوون وتێکچوونی بەروبووم وبەرهەمەکانی سەر زەوی لە دانەوێڵەو درەخت و ڕووەك و.. کە بەلاٚ ونەخۆشی ڕوویان تێدەکات بە هۆی دووڕوویی وتاوان وسەرپێچیەوە. "[1].

**ئەی خوێنەری یەکخواپەرست:** ئەگەر پێکەوە تێڕامانێك بکەین لەو هۆکارانەی کەدەبنە هۆی فراوانی ڕزق وڕۆزی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەموویان و لەگەڵ بەجێهێنانی – توکل – پشت بەخوابەستندا دەبنە هۆی لێخۆشبوون وسڕینەوەی تاوانەکان کە بوبوون بەهۆی داخستنی دەرگاکانی ڕزق لەخاوەنەکەی جا کەسێك ئەم هۆکارانە بگرێتە بەرو ئەنجامیان بدات ئەوا بە ویست وپشتیوانی خوای کاربەجێ هەڵدەسێت بەوالاٚکردنی دەرگاکانی ڕزق وڕۆزی و دەستپێکردنی خۆشگوزەرانی. خواش زاناترە.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وصلى الله وسلم على رسول الأمين ،وآله الطاهرين، وأصحابه الأكرمين

، ومن دعى بدعوته ، وعمل بسنته على فهم صحابته إلى يوم الدين.

---

(١) تيسير الكريم الرحمن للشيخ السعدي(١/١٤)